# ریکلامی کۆمیدی لە تەلەفزیۆندا

یەکێک لەو رێگایانەی کەوا ریکلامی تەلەفزیۆنی دەتوانێ پەلاماری بینەر بدات و سەرنجی وەرگر رابکێشێت،بەکارهێنانی رێگای کۆمیدی و تەنز ئامێزە. ئەگەر بێت و ئەو کۆمپانیانەی خاوەنی تیمی پرۆڤیشنالی بن، ئەوا زۆر باش دەتوانن ریکلامی تەنز ئامێز (Funny) بەکاربهێنن و دروست بکەن.

ژیانی راستەقینەی خەڵک، دەتواندرێت لەرێگەی قسەکردن و دیالۆگی راستەقینەی ژیان، بەپێکەنین گوزارشتی لێ بکرێت. ئەمە دڵ رفاندن و سەرنج راکێشان لای وەرگر دروست دەکات. هەروەها رێگای کۆمیدی لە ریکلامی تەلەفزیۆنی، پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ بینەراندا دروست دەکات.

ریکلامەکانی تەلەفزیۆنی بەشێوەی کۆمیدی پێشکەش بکرێن، پێویستە رەچاوی چەند خالێک بکرێت:-

١-پێویستە بابەت و ریکلامەکە سادەو ساکار بێت.

٢- کەسی کۆمیدی بنچینەیەکە بۆ ریکلامی کۆمیدی، بۆیە پێویستە هەمیشە ئەو کەسانە هەڵبژێریت کە سروشتێکی کۆمیدی و خاوەن بەهرەو توانایەکی کۆمیدیان هەیە.

٣- ریکلامی کۆمیدی لە توانایدایە بازرگانەکان، کۆمپانیاکان، دروست بکات یان بشکێنێت، بۆیە زیرەکی دانایی زۆری پێویستە کاتێک کە بمانەویت ریکلامێک بەکۆمیدیا پێشکەش بکەین.